کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-8-2007 0:43 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا




**پەژاک، پەکەکە، یەکێتی و پارتی کامیان دەبن بە تەڵەی دوژمنەوە؟!! ... هیوا بەکر**

ئاشکرایە لە ماوەی چەندساڵی ڕابردووی پرۆسەی ئازاد کردنی ئێراق و لە دوای فەراهەم بوونی زیاد لە هەلێك بۆ یەك لا بوونەوەی چارەنووسی کوردستان ئێستا و زیاد لەهەر کاتێکی تر دوژمنەکانی کوردستان لە بۆسەدان بۆ لەباربردنی ئەو هەلە و ئەوەش کە لەم مانگانەی ڕابردودا ڕووی دا لەسەر سنورەکانی ڕۆژئاوا و باکور و ڕۆژهەلاتی کوردستان زیاد لە بەڵگەیەکن کە هەرسێ نەتەوەی دوژمن بە گەلەکەمان تورك و فارس و ئارەب بۆ تەنها چرکەیەکیش بەخەسار نادەن بەبێ بیر کردنەوە لە پلان و تەڵەکەبازیەکی نوێ و ڕوداوەکانی ئەم دواییەی ئەو سنورانەش گەواهی ئەو ڕاستیەن هەر لە تاوانی کۆمەڵ کوژی یەزیدیەکانەوە بۆ پەلامار و هەڕەشە و گوڕەشەی بەردەوامی تورکان و پاشانیش تۆپ بارانی بەردەوامی مێزەربەسەرەکانی تاران! ئەوەش پێویست بە ڕوون کردنەوە ناکات و شتێکی ئاشکرایە کە هەریەك لەو نەتەوانە ئەگەر لەسەر هەموو شتێك ناکۆك بن کورد تەنها فاکتەرێکە کە هەمویان لەسەر یەك مێز کۆدەکاتەوە بەڵام ئەوەی کە جێی پرسیار و سەرسوڕمانە پەند وەرنەگرتن و بێ ئاگایی ئێمەی کوردانە لەو پلانانە و بێ بەرنامەیی پارتە کوردیەکانە لەو بارەیەوە! بە کورتی دەمەوێت بڵێم جێی پرسیار و هەڵوەستەیە کە سەرەڕای چەند مانگێك لە لەشکرکێشی و هێزکۆکردنەوە و پەلاماری بەردەوامی تورکەکان بەڵام دان بە خۆداگرتنی پەکەکە و پارتی زۆر لەوە بەهێزتر بوو کە بەئاسانی تەسلیم بە ویستی پیلان گێڕانەی تورکان ببن و پێکەوە بە خۆڕاگری خەونی شەڕی براکوژیان بردە ناو گۆڕی ئەتاتورکەوە!! کەچی لەهەمان کاتدا و لە سوچێکی تری کوردستانە لەخاچ دراوەکەمان و لەگەڵ پیلان گێڕانی مێزەربەسەرەکانی تاراندا وا خەریکە وورەی خۆڕاگری دوو پارتی شوێن پێ دیاری کوردستان دەلەرزێ و وەك لە هەواڵەکانەوە دەیبیستین یەکێتی و پەژاك خەریکە دەکەونە داوی پیلانەکانی ئێرانەوە! لە پەراوێزی تۆپ بارانەکانی ئەم دواییەی ئێران دا جێ خۆیەتی بپرسین ئاخۆ کام لە پارتە کوردستانیەکان پێیان دەبێت بە تەڵەی دوژمنەوە؟! پەکەکە، یەکێتی، پارتی یان پەژاك؟!!!...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.